www.kurdistannet.org
14-10-2006 11:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەوکەسەی تەقەی لە حەمەسەعید حەسەن کرد تا ئێستا دەستگیر نەکراوە... گۆران هەڵەبجەیی

ڕۆژی 9/28 شاعیرونووسەر حەمەسەعید حەسەن لەگەڵ شاندێکی ڕووناکبیرانی بازێڕی هەولێر، سەردانی هونەرمەندان ئەنوەر قەرەداغی، دیاری قەرەداغی وماموستاعادل یان لە خەستەخانەی سلیمانی کرد.

پاش کۆتایی سەردانەکە، شاندەکە بەپێیان بەرەو شار ڕۆشت، لەناکاو کەسێک پەیدا دەبیت و چەند فیشەکێک بە لاقی ماموستا حەمەسەعیدەوە دەنێت، هەرلەوێدا دەمودەست دەیگەیەننە خەستەخانەی فریاگووزاری، کە بەر لە نێو کاتژمێر خۆی لەوێ بووە.

پاش بەینێک وە لەسەر داوای خۆی بە ئەمبولانسێک دیگوازنەوە بۆهەلێر. هەرلە خەستەخانەی فریاگوزاری سلیمانی لەلایەن پۆلیسەوە قسەکانی وەردەگیرێت، وەبۆ ڕۆژی دوایی فەرمانی دەستگیرکردنی کەسی تەقەکەر لەلایەن پۆلیس و ئاسایشی سلیمانیەوە دەردەچێت کە برایەکی خۆیەتی بەنێوی غەفور. هەواڵی دەستگیرکردنەکەش لە لاپەڕە دووی ڕۆژنامەی {کوردستانی نوی} ی هەمان ڕۆژدا بڵاو دەکرێتەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە تا نووسینی ئەم چەند دێڕە تاوانبار دەستگیر نەکراوە و
پۆلیسی سلیمانیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان لەوبارەوە نەداوە.

لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت{ئایا پۆلیس وئاسایشی سلیمانی هێندە کەم ئەزموون وبێدەسەڵاتن ئەومرۆڤەیان بۆ دەستگیر ناکرێت؟}بەتایبەتیش کەسێک خەڵکی شارەکەبێت و شوێنی ژیانی دیاری بێت و لەشارەکەشدا ناسراوبێت.

ئاسایشی سلیمانی لە بواری پشکنین وچاودێری وهەواڵ و زانیاری کۆکردنەوەو دەستگیرکردنی تاوانباران و نەیاران و دووژمنکاران و تەرۆریستان چالاکن و ئەزموونێکی باشیان لەو ڕووەوە کەڵەکە کردووە، بۆیە دەستنەگیرکردنی ئەو مرۆڤە سادەیە لەلایەن ئاسایشەوە بێتوانایی ئەو دەزگایە ناگەیەنێت، بەڵکو کۆمەڵێک پرسیار درووست دەکات.

بەڕای من گەر تاماوەیەکی دیکە ئەوکەسە دەستگیر نەکریت ئەوا من و خەڵکانێکی دیکەش دەکەوینە گوومانەوە، کە دەشێ دەستێک لەپشتی کردەوەکەی کاک غەفورەوە هەبیت، بۆیە ئومێدەوارم گوومانەکەم نەبێتە یەقین و تاوانبار دەستگیر بکرێت وپۆلیس و ئاسایشی سلیمانیش دڵسۆزی و کارامەیی خۆیان بسەلمێنن.